# له پێناو خوای گەورە جەنگ بەرپا بکەن، هەرکەسێک لە پێناو خوای گەورەدا بجەنگێت (بە ماوەی) نێوان دوو دۆشینی لەسەر یەکی وشترێک؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تێپەڕ بوو بە لای شیوێکدا کە هەندێک ئاوی پاک وسازگاری لێبوو، ئەویش (لە نەفسی خۆیدا) ووتی: ئەگەر لە خەڵکی دوور بکەومەوە ولەم شیوەدا بمێنمەوە (بۆ ماوەیەک)، وئەمە ئەنجام نادەم هەتاوەکو ڕوخسەت لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەرنەگرم؛ بۆیە ئەمەی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسکرد ئەویش فەرمووی: «ئەوە ئەنجام مەدە، شوێنی مانەوەی یەکێکتان لە پێناو خوای گەورە خێرترە لە نوێژکردن لە ماڵەوەدا بۆ حەفتا ساڵ، ئایا حەز ناکەن خوای گەورە لێتان خۆش بێت، وبچنە نێو بەهەشتەوە ؟! لە پێناو خوای گەورە جەنگ بەرپا بکەن (غەزا بکەن)، هەرکەسێک لە پێناو خوای گەورەدا بجەنگێت (بە ماوەی) نێوان دوو دۆشینی لەسەر یەکی وشترێک؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت».

[حەسەنە] [تورموزی گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پیاوێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای شیوێکدا تێپەڕ بوو، ولە نێو شیوەکەدا ئاوی پاک وسازگار هەبوو، وبە لایەوە جوان بوو ، ویستی لە خەڵکی دوور بکەوێتەوە ولەو شوێنە بمێنێتەوە وخودا بپەرستێت ولەو ئاوە سازگارە بخواتەوە، بەڵام -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەمە ناکەم هەتاوەکو ڕوخسەت لە پێغەمبەری خودا وەردەگرم -صلى الله عليه وسلم- بۆیە ئەمەی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسکرد، وئەویش فەرمووی: (وا مەکە)؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیکرد لەو کردەوەیە چونکە جیهاد کردن لەسەر ئەو واجبە، بۆیە خۆ دوورخستنەوە بۆ خودا پەرستی کە سونەتە ئەمە بە گوناهـ دادەنرێت چونکە ئەمە دەبێتە هۆی وازهێنان لە واجب، پاشان پێی فەرموو: (شوێنی مانەوەی یەکێکتان لە پێناو خوای گەورە خێرترە لە نوێژکردن لە ماڵەوەدا بۆ حەفتا ساڵ): واتا خۆ یەکلایی کردنەوە بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە باشترە لە خۆ یەکلایی کردنەوە بۆ نوێژکردنی سونەت بە ئەندازەی ماوەی حەفتا ساڵ؛ چونکە جیهاد کردن سوودەکەی بۆ خەڵکی تریشە بە پێچەوانەی نوێژکردنەوە کە سوودەکەی تەنها بۆ خودی مرۆڤەکەیە. (ئایا حەز ناکەن خوای گەورە لێتان خۆش بێت، وبچنە نێو بەهەشتەوە ؟!): ئەگەر حەز دەکەن خوای گەورە لێتان خۆش بێت وبچنە نێو بەهەشتەوە، ئەوا جیهاد بکەن لە پێناو خوای گەورە وئارامگر بن وداوای پاداشت بکەن، پاشان فەزڵی جیهاد کردنی ڕوونکردەوە وفەرمووی: (هەرکەسێک لە پێناو خوای گەورەدا بجەنگێت -بە ماوەی- نێوان دوو دۆشینی لەسەر یەکی وشترێک؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت): واتا هەرکەسێک بۆ ماوەیەک جیهاد بکات لە پێناو خوای گەورە بۆ بەرزکردنەوەی ئاینەکەی ئەوا بەهەشت بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت ئەگەرچیش ماوەکە کەم بێت هێندەی ماوەی نێوان دۆشینی وشترێک بێت دوو جار لەسەر یەک.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee